# سایتی حیزب دەپرسی

## ئاشکرابوونی باندەکەی "شیخ زانا" کام هۆکارو کام راستی؟

دان پیدانان وئاشکرابوونی تاواناکانی باندە تیرۆریستییەکەی"شیخ زانا" راچلەکینەربوو بۆهەمووان و واچەند رۆژە بۆتەجیگای مشت و مر و لیوردبوونەوەو قسەوباسی نیو کۆمەلگا و رۆشنبیران ولایەن و کەسایەتی جۆراوجۆر. بەلام ئەوەی ئاشکرایە کە هەمووان لەبارەی هۆیەکانی سەرهەلدانی ئەم دیاردەیە و روووەکانی یەوە رایەکی چوونیەکیان نییە. بیگۆمان ئەم تاوانانە یەکجارتر کارنامەی ئیسلامی سیاسی و رەوتەکانی دەباتە نیو قەفەزی دادگاییەوە ولەونیوەدا وەک تەرەفیکی بنەرەتی جیگای هەیە هاوکات ئەوەی ئەم باندە دەتوانی بۆماوەی چەند سالیک دەست لەتاوان وەردا و بۆ مەرامەکانی دزین و کوشتن و سەربرینی لاوانیک پرۆڤەبکات، ئەمەش لەسایەی دەسەلاتی ئەحزابە کوردییەکاندا بیبشک سیاسەت و شیوەی مامەلەکردنی ئەوان و لیوردبوونەوە لەسەری دینیتە پیشەوە.. بەلام هەیە ئیسلام بیبەری دەکاو هەشە لایەنگری دەسەلاتی یەکیتی وپارتی لەدوتویی باسی "پاکیزەیی کۆمەلگای کورەدەواری" یەوە دینیتە گۆری و ئەم دیاردەیە بۆ "فەرهەنگی غەیەرکورد" دەگەرینیتەوە. هەشە پیی وایە"مرۆڤی کورد" نەخۆشی دەرونی گرتووە، و دەبی کۆمەلگای کوردستان ناخی خۆی هەلکۆلیت.. کەوایە ئەم رووداوە ئاکامی کام واقعیەتی سیاسی و کۆمەلایەتییە؟ موسەبیبانی ئەم تاوانانە کام رەوت و بزوتنەوەی سیاسی و کۆمەلایەتین؟ پاشان وەلام چییە بەبۆچوونەکانی تر کەلەسەر لایەنەکانی ئەم تاوانانە دینە پیشەوە؟ لەئاخردا دەبی چیبکەین بۆ پاکردنەوەی کۆمەلگا لەم تاوان و دیاردە قزەون و راچلەکینەرانەوبەرگرتن بەدووپات نەبوونەوەیان؟

سایتی حیزب لەمبارەوە دەپرسی و رای کەسانیک دەبزوینی... هاوکات دەرگای خۆی بۆ بوچن و قسەوباسی هەمووان ئاوەلادەکات.. بەوهیوایەی هاوکار وبەشداربن لەگەلمان لەمگۆشەیەدا ..

.. خەسرەوسایە

00447796257020

k.saya@ukonline.co.uk

جەمال موحسن



**خەسرەو سایە: کارنامەی گروپەکەی شیخ زانا لەدووسەرەوە نمونەی بەقوربانی بوونی لاوان نیشان دەدات، چ ئەوەی لەنیو گۆوپەکەدایەو چ ئەوەی دەبیتە کەرەسەی گروپەکە.. لەمبارەوە بۆچوون هەیە کە حالەتەکە بۆ نەزانینی خودی لاوان دەگیریتەوە و هەشە بۆ بیکاری و نەبوونی ئیمکاناتی رەفاهیی لاوان دەیگیریتەوە، ئیوە چۆن لەم حالەتە تیدەگەن؟ بەراستی ئەوەچییە کە لاوان دەکاتە کەرەسەی ئەم تاوانانە، لەکاتیکدا ئومیدی ئینسانی و خۆشبەختی و زیندەگی خالی بەرجەستەی لاویتیە؟**

**جمال محسن:** سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە. ئەمەوێ بەوە دەست پێ بکەم کە گرووپەکەی شێخ زانا، وەك هەر باندیٚ کی تری ئیسلامی، باندێکی خوێنخۆری ئینسان کوژی مافیاییە. لەهەموو شوێنێکی دنیاشدا مافیاکانی تلیاك فرۆشی، لەشفرۆشی، بازرگانی کردن بە پارچەکانی گیانی ئینسان، پێش هەر شتێك ڕووی لە لاوانەو ئەوان ئەکاتە کەرەستە. ئەمانیش هەر وەك ئەو مافیایانەن‌و بە بڕوای من هیچ جیاوازییەکیان نییە.

ئەمانە مشەخۆرن‌و لە زەلکاودا شوێنی ژیان بۆ خۆیان ئەدۆزنەوە. لە شوێنێکیش گەرا ئەکەن کە خەڵکەکەی مەنکوب، داماو، بێکار، بێئومێد کراون! خۆ هیچ یەکێك لەو شتانەش لە خۆیەوە نەهاتووەو کۆمەڵگاو دەسەڵات لێی بەرپرسە. لە دوای ساڵی 91 ەوە، دوو شت لایەنی بەرجەستەی کۆمەڵگای کوردستان بوو. لە لایەك لاوان‌و خەڵکێك کە لە دەسەڵاتی بەعس ڕزگاریان بووبوو، حەزو ئارەزووو ئومێدو ئارەزووەکانیان ڕوو لەسەر بوو وە بە شوێن ئامانجەکانیانەوە بوون. بەڵام لە لایەکی ترەوە هەر ئەو خەڵکەو لاوان ڕووبەڕووی وەزعێکی خراپی ئابووری ژێر سایەی گەمارۆی ئابوری‌و بێکاری‌و نەبوونی‌و برسێتی بووبوونەوە. ئیسلامی سیاسی‌و تاقمەکانیان سوودیان لەو وەزعە وەرگرت‌و سەرەتا بە ناوی (ڕێکخراوی خێرخوازی) ەوە چەندین بنکەیان کردەوەو دواتریش لە ڕێی پێدانی پارە بە خێزانە هەژارەکان لەبەرامبەر ئەوەی منداڵ‌و مێردمناڵەکانیان بنێرنە مزگەوتەکان‌و فێری قورئان خوێندنیان بکەن، هەندێ خەڵکیان بە خۆیانەوە بەستەوە. وەبەم جۆرە لە هەوڵی ڕاهێنانی خەڵکی بێئومێد کراوو لە خواترس دا بوون بۆ مەرامە دژی ئینسانی‌و تیرۆریستییەکانیان.

بەعس کاتی خۆی شیعاری (لاوان نوکی ڕمن) ی بەرزکردبۆوەو لەشەڕی دژی ئێران‌و بۆ هێزە سەربازییەکانی خۆی بەکاری هێنان. بزووتنەوەی حەماس لە کارە تیرۆریستییەکانیاندا لاوانیان بەکارهێناو بەرپرسەکانیان ڕایانئەگەیاند کە بۆ ئەوەی بتوانن کاری خۆکوژی‌و

تەقاندنەوە بکەن لە شوێنە گشتیەکاندا پێویستیان بە لاوانێکی تازە پێگەیشتووە چونکە ئەوان خێزان‌و ومناڵیان نیەو لە خۆیان بەرپرسن! بۆیە ئەبێ (لە ڕێی خوا) دا ئەوان بۆ کاری خۆکوژی ڕابهێنن! مەلا کرێکار لە خوتبەکانی سەرەتای 90 ەکانیدا لە مزگەوتی جیهادی سلێمانی بە ئاشکرا ئەیووت کە ئەرکی لاوانی خوێنگەرم‌و لەخواترسە بچن ئەو نووسەرو کەسە چەپ‌و عەلمانیانە بکوژن کە دژی خواو قورئان قسە ئەکەن وە گوایە ئەوە فتوای هەموو ڕۆژەی مەلا کرێکارو مامۆستایانی ئاینی ناوێ!

ئەوەی شێخ زاناش لەبەرامبەر ملازم دلێرو مەریوان‌و.... کردوویەتی لەوە بەدەر نیەو هەمان سوونەت‌و تەقلیدە بەکاری هێناوە. دلێرێك کە پاکەت فرۆش بووە، مەریوانێکە کە بێکارو پارەی پێ نەبووە، باشترین نێچیر ئەبن بۆ شێخ‌و مشایەخەکان‌و گروپەکانیان. وە ئەو لاوە تەمەن 16-17 ساڵەی لەسەر ڕێی مەسیف بە ئۆتۆمۆبیلەکەیان هەڵیانگرتۆتەوە، ماڵی باوکی جێ هێشتووە، ئەو دڕندانە ئەو تاوانەیان لە دژ ئەنجام داوەو کەرت کەرتیان کردووە. لاوانێك کە نەیانتوانیوە خۆیان بگەیەننە دەرەوەی سنورەکانی دەسەڵاتی یەکێتی‌و پارتی، کە دانی ئیسلامیەکانیان تیژ کردۆتەوە، لاوانێك کە خراونەتە قەفەزی دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی قەومی_ئیسلامی ئەوان، بەداخەوە زۆر ئاسان کراونەتە سووتەمەنی ئەو باندە تیرۆریستی‌و خوێنخۆرانە.

دیارە هەر ئەو وەزعەو بێبەشی لاوان لە خواستەکانیان، نەبوونی شوێنی سەرگەرمی لاوان‌و بردنە سەری توانایی‌و ئاستی فێرکردن‌و زانستیان، وە بەتایبەتیش حەزە شەخسیەکانیان، ڕێگایەکی باشی بۆ ئەو تاقمانە کردۆتەوە کە مەسەلەی جنسی‌و پارەو پول بکەن بە وەسیلەی هەڵخەڵەتاندن‌و لەخشتەبردنیان بۆ مەرامی ئیسلام‌و ئیسلامی سیاسی. هەر ئەوەشە وای کردووە بتوانن ئەو لاوانە بکەنە کەرەسەی گروپەکانیان. لە کۆڵانەکانی شاردا، لە جیاتی شوێنی زانستی‌و پێشکەوتوو بۆ لاوان، مزگەوت ئەوەندە زۆرە کە خەڵکی لە کاتی بانگدانەکاندا بە تەواوەتی بۆڕوو کردووە. ئیتر چۆن ئەوان ناتوانن تۆڕەکانیان هەڵدەن؟!

لاوان هەمیشە ئاوات‌و ئارەزووی ژیانی یەکسان‌و ئازادیان هەیە، بەڵام ئەو ئارەزووو خولیایانەیان خنکێنراوە. بۆ ئەوەی ئەو خولیایانەو ئومێدی خۆشبەختی‌و سەعادەت بگەڕێتەوە بۆیان، ئەبێ کۆمەڵگا لە ئیسلام‌و ئیسلامی سیاسی‌و ئەوانەی پارەو پولیان بۆ هەڵئەڕژن، پاکبکرێتەوە. ئەوە تاکە زامنی هاتنە دی ئاوات‌و ئارەزووەکانیانە.

بەکورتی ئەگەر بلیم ئەوەی کە بەم شیوەیە لاوان لەدووسەرەوە دەبنە قووربانی وکەرەسەی تاقمیکی تیرۆریستی ئیسلامی ئەو راستیەیە دینیتە پیشەوە کەئەوە لاوانی کوردستانن ئومید وئارەززوەکانیان بۆتە شتیکی مەحال و ئەوە ئەوانن کە لەبیکاری و نەداری و گیرۆدەبوون بەنائومیدایدا یەخسیرن. ئەمەش ئاکامی هەلومەرجیکی سیاسی وکۆمەلایەتیە کەلەژیر سایەی دەسەلاتی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد لەوانە یەکیتی وپارتی بۆتە نەسیبیان. پارتی ویەکیتی کەلەماوەی دەسەلاتی 15 سالەیان جگەلەوەی لاوانیان لەنیو کۆمەلگایەکی سەرگەردان و بیئاسۆدا راگرتووە و نەك وەلامیان بەپویستیەکانی ژیاینیان نەداوەتەوە بەلکو ئەوانیان ناچار بە کۆچ ورووکردنە هەندەرانکردووە و ئەوەشی ماوەتەوە لەنیو دلەراوکەی سیاسی و نەبوونی وبیکاریدا راگیراون. لەلایەکیتریشەوە کۆمەکی ئەم حیزبانەو دەسەلاتەکەیان بە بەلای ئیسلام و تیرۆریزمی ئیسلامی و دەست گرتنی دەیان باند و رەوتی ئیسلامی وراگرتنیان بەسەر ژیانی خەلکەوە و ئەوانیش بەپاروپولی "حکومەتەکانی کورد" و بەدەستەوە گرتنی دامودەزگای راگەیاندن و بەفەتوای مەلا ونەمازی جومعە و بەشەبەکەی مزکەوت و دەیان کەنالی ترەوە بەربوونەتە گیانی کۆمەلگاو بەپلەی یەکەم لاوانیانکردۆتە بابەتی خویان.. لەهەلومەرجیکی ئاوادایە لاوان دەکەونە نیوداوی ئەم باندانەوە و سەرنجام وەك ئەکتەریکی نەزان و کویر وکەرەسەیەکی بیئاگا دەبنە قوربانی باندیکی ئینسان کوژی ئیسلامی.